


## پرۆژکتەرێکی بچووک و توانای بەرز

پرۆژکتەرەکان ئەگەرچی ئامێرێکی گشتگیر نین و تەنیا بۆ شوێنە تایبەتییەکان و مەبەستی تایبەتی نەبێ سوودیان لێوەرناگیرێت، بەڵام پێدەچێ لەداهاتوودا شوێنی تەلەڤزیۆنەکان بگرنەوە..

لە ماوەیەدا پرۆژکتەری جۆری BenQ TK800 بەرهەمهات، داتاشۆیەك كە بە کوالیتی K4 نمایش دەکات. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی داتاشۆی ناوبراو ئەمانەن: بە «لۆمن»ی ٣٠٠٠ نمایش دەکات، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەو فیلمانەی نیشانیاندا رووناکی و گەشی زۆریان هەیە. راستە ناگاتەوە توانای نیشاندانی تەلەڤزیۆنەکانی جۆری OLED HDR بەڵام تایبەتمەندی پرۆژکتەرەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو جۆرە تەلەڤزیۆنانە نییە.

## کامێرایەک بۆ پەخشی راستەوخۆی واقیعی مەجازی

لە پیشانگای ساڵانەی CES2018دا، یەکێك لەو کامێرایانەی خڕایەڕوو کامێرای جۆری +Vuze بوو.. کامێرایەك کە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەرەکەی دەڕەخسێنێ بتوانێت کە وێنەکانی واقیعی- مەجازی لە رێگای کامێراوە و بەبێ هیچ پرۆگرامێك لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بنێرێ. هەروەها وێنەی واقیعی- مەجازی بە کوالیتی k4 بگرێت.

کامێرای ئاماژە بۆ کراو دەتوانێت ڤیدیۆی 3D بە شێوەی راستەوخۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوك و یوتیوب وەربگرێ و بڵاویان بکاتەوە.





# کیبۆردێک هیچ وەک کیبۆرد ناچێت

ئەم وێنەی کە دەیبینن سەرتان سوڕنەمێنێ کە دەڵێن کیبۆردێکە وەك هەموو کیبۆردەکانی دیکە هەمان ئەرکیش ئەنجام دەدات، بەڵام هەم کارکرد و هەم ستایلەکەی لەگەڵ کیبۆردی دیکە جیاوازە..

ئەمە نە تەنیا کیبۆرد بەڵکو ماوسیشە، بەهۆی ئەو ئامێرەوە کە هیچ وەك کیبۆرد ناچێت دەکرێت هەموو شتێك بکەی بە کیبۆرد، تەنیا پەنجەکانت دابگرە ئیدی لەسەر مۆبایل یان کۆمپیوتەر ئەوەی مەبەستتە دەنووسرێ، لەبری دوگمە بۆ هەر کاراکتەرێك، جۆری لێدانی پەنجەکان دیاری دەکات کە چ پیتێك دەنووسی، کاتێك پەنجەکانت بۆ تایب کردن بە تەواوی داندران، جا شوێنەکە دیوار بێت، مێز بێت، بەشێوەی ستونی بێت یان ئاسۆیی دەتوانی وەك کیبۆردی دیکە بنووسی.

پەنجەی گەورەش دەکرێت وەك ماوس سوودی لێوەربگری، بە دوگمەکانی دیکەش کلیك بکەی. کیبۆردە سەیروسەمەرەکە لە رێگای بلوتوسەوە بە گشت جۆرەکانی سیستەم، ویندۆز، ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس پەیوەند دەدرێت.

پیتەکانی ئینگلیزی بە ٨ جۆر لێدانی جۆراوجۆر بەو کیبۆردە ناسێندراون، ٥ کاتژمێری دەوێت تا کەسێك بتوانێ بەباشی لەسەر ئەم کیبۆردە رابێت، دیارە دەکرێت هەم دەستێك و هەم هەردوو دەستت بەکاری بێنی، بەڵام ئەوکات دەبێ دوو کیبۆردی لەم جۆرە لە دەستەکانت بکەی. ئەگەر بەتەواوی شەحن بێت دەکرێت هەتا ٨ کاتژمێر سوودی لێوەربگری..



# رووبەندێکی سمارت بۆ خەوێکی ئارام

ژیانی ئەم سەردەمە بە چ قۆناغێکدا دەڕوات، تەنانەت خەو و خۆراکیشیمان بۆتە دیجیتالی و سمارت، مرۆڤ هەتا کوێ لەبیری حەسانەوەی جەستە و دەروون دایە، رووبەندی سمارت Dreamlight ئامێرێکی نوێیە بۆ خەوێکی ئارام..

رووبەندی چاو کە وەك پارچەیەك لەکاتی نووستندا لەسەرچاو دادەنرێت، بۆ ئەوەیە کە خەوێکی ئاسوودەت هەبێ و لەکاتی خەودا خەونی خۆش ببینی.

رووبەندە هۆشمەندەکە تەنیا پارچەیەك نییە، بەڵك پێکهاتووە لە چوار سپیکەر، هەستەوەری سەرووی سوور، مۆنیتۆرێك بۆ لێدانی دڵ و چەند گلۆپێکی LED، گلۆپەکان لە هەر ١٥ خولەکدا تیشکێکی نارنجی بڵاودەکەنەوە کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنای مادەی «ملاتونین» دوای ئەوە خەونە خۆشەکان دەست پێدەکەن. کاتێکیش بەیان دادێت تیشکە نارنجییەکە دەبێتە سەوز و لە خەوت هەڵدەستێنن، جگە لەوەش گۆرانی بڵاودەکاتەوە، لێدانی دڵ دەپێوێ، بەهۆی ئاپێکی تایبەت کەلەسەر مۆبایل دادەنرێت دەزانی شەوی رابردوو چۆن نووستوویە.






# یەکەم ماوسی سێ ڕەهەندی

ماوس ڕەنگە گرنگترین بەشی کۆمپیوتەر نەبێت، بەڵام بەبێ ماوس زۆر لە ئەرکەکان یان جێبەجێ ناکرێن یان جێبەجێکردنیان دژوارە، ماوس شاکلیلی کردنەوەی پرۆگرام و فەرمانەکانە...

لەم ماوەیەدا یەکەم ماسی سێ ڕەهەندی 3D بەناوی (Lexip) بەرهەم هات کە تایبەتە بەوانەی یاری ئەلکترۆنی دەکەن، ماوسەکە بەتەنیا توانای ئەنجامدانی ئەرکی دوو (جویستێك) واتە دەسکی گەیمی هەیە.

(جویستێك) یەکەم لەناو چوارچێوەی ماوسەکەدایە و بەکارهێنەر بە تکاندانی بۆ ئەملاو ئەولا دەتوانێ سوودی لێوەربگرێ. (جویستیك)ی دووەم لە قەراخ ماوسەکەیە و بۆ جێبەجێکردنی دەبێ لە گوستی گەورە سوود وەربگرێ.

ماوسی ناوبراو توانای ئەنجامدانی چەندین جۆرە جوڵەی سەیری هەیە. دیارە ماوسەکە هەر تایبەت نییە بە یاری ئەلکترۆنی بەڵکو ئەندازیاران و بیناسازانیش دەتوانن بۆ ئەرکی دیزاین و نەخشەسازی سوودی لێوەربگرن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت ئایا دەکرێت زمانی ویندۆزەکەم لە زمانی ئینگلیزییەوە بگۆڕم بۆ زمانێکی دیکە، یان دەبێ ویندۆزی تایبەت بەو زمانە دابەزێنم؟**


خوێنەری بەڕێز بەڵێ بە ئاسانی دەکرێت، سەرەتا دوگمەی win+i لێبدە دواتر پەنجەرەیەك دەکرێتەوە، لەودا بەشی Time & Language دابگرە، دواتر پەنجەرەیەك دەکرێتەوە لەوێشدا بەشی Region & Language دابگرە و پەنجەرەیەکی دیکە دەکرێتەوە و لەوێشدا dd a Language Button دابگرە و ئێستا ئەو زمانە بدۆزەوە کە مەبەستتە یان سێرچی بکە دواتر زمانەکە دادەبەزێت و ئەکتیڤی بکە کە ریستارت کردەوە ویندۆزەکەت دەبێتە بەو زمانەی مەبەستتە.


# ناوفەرشی پێڵاویش بوو بە سمارت

یەکێك لە گرفت و ناخۆشییەکانی ئەم سەردەمە ئەوەیە مرۆڤەکان کەم جوڵە دەکەن، کەم جوڵەیی وای کردووە چەندین گرفتی تەندروستی و ڕۆحی بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە دروست بێت، هەربۆیە هەوڵ دەدرێت لە ڕێگای ئامێری هوشیارکردنەوە و پرۆگرامی تایبەت زەنگێکی ئاگادارکردنەوە لێبدەن و بڵێن بەسە، ژیانی بێ جوڵە جۆرێکە لە مەرگە..

کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی ئامێری تەکنەلۆژی، ناوفەرشێکی بۆ پێڵاوەکان دروست کردووە کە زانیاری سەبارەت بە چۆنییەتی راوەستان و پێشنیاری زانستی بە بەکارهێنەرەکەی دەدات.

ئامێرەکە ناوی (stappone)یە و وەك ناوفەرشی پێڵاو سوودی لێوەردەگیرێت. ئامێری ئاماژە بۆ کراو، چەندین هەستەوەری وەك، جی پی ئێس، هەژمارکردنی هەنگاوەکان، پێوانی کێشی بەکارهێنەر، کالۆری سووتێندراو، گرفتی تایبەت بە پەیکەری جەستە و ڕێژەی کردارە جەستەییەکان هەڵدەسەنگێنێ، زانیارییەکان لەگەڵ پێشنیار بۆ چارەسەرکردنیان دەداتەوە بە بەکارهێنەر..








# کاتژمێرێکی سمارت بەبێ باتری کار دەکات

کارکردنی کاتژمێر بەبێ باتری و وەزە داهێنانێکی نوێ نییە، هەر لەوکاتەوە کە مرۆڤ کاتژمێری بەرهەمهێناوە بۆ کارکردنەکەی پێویستی بە وزە و باتری جیا نەبووە، بەڵام بۆ کاتژمێرێکی سمارت کە جگە لە کات نیشاندان چەند ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدات ئەوە شتێکی نوێیە، چونکە وزەی زۆرتر دەوێت..

کۆمپانیای ماتریکس لە پیشانگای ساڵانەی CESدا دوو کاتژمێری سمارتی بێ باتر بەناوەکانی «پاوەرواچ و پاوەرواچ ئێکس» خستەڕوو. کاتژمێری ناوبراو وەك زۆربەی کاتژمێرە سمارتەکان لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و زانیارییەکان لەسەر شاشەی کاتژمێرەکە نیشان دەدرێن، کاتی هاتنی پەیام و پەیوەندی دەلەرێتەوە. کردارییەکانی تایبەت بەوەرزش و جوڵەی جەستە وەك سووتانی کالۆری، هەنگاوی ڕۆیشتوو نیشان دەدات.




## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی ئایکۆن


ئایکۆن icon بەو وێنە بچووکانە دەگوترێت بۆ ناسینەوەی فایلێك، یان پرۆگرامێك، لەسەر ویندۆز یان مۆبایل یان ئامێرێکی دیکەی هاوشێوەی ئەوان. گەر خۆت حەز دەکەی ئایکۆنەکانی سەر ویندۆزەکەت بگۆڕی گەلێك ماڵپەڕ هەن بۆ ئەم کارە یەکێك لەم سایتانە سایتی https://icons8.com/iconizer لەم سایتەدا دەکرێت هەم بەدواداگەڕان بکەی بۆ ئایکۆنی مەبەست و ناوی ئایکۆنەکە لە بۆکسی سێرچدا بنووسی، یان خۆت دەتوانی وێنەیەك کە مەبەستە بکرێتە ئایکۆن ئاپلۆدی بکەی. دواتر بە ویستی خۆت دەتوانی ئایکۆنەکەت دەستکاری بکەی ڕەنگ و سایزەکەی بگۆڕی.

## بتڵە ئاویش بوو بە زیرەک!

ئاو یانی ژیان، بێ ئاو ژیان کۆتایی دێت.. خواردنەوەی ئاو یەکێکە لەو خاڵانە کە ڕۆژانە دەبێ گرنگی پێ بدرێت و هەرچەندە پسپۆڕانی تەندروستی پێشنیار دەکەن ڕۆژانە لانی کەم ٨ گلاس ئاو بخورێتەوە.. خواردنەوەی ئاو بۆ باشترکردنی فەرمانەکانی جەستە و تەندروستی گرنگی خۆی هەیە، بۆیە بتڵێکی هۆشمەند بەرهەم هاتووە بە مۆبایل پەیوەند دەدرێ و پێت رادەگەیەنێ کە چ کاتێك دەبێت ئاو بخۆیەوە. دیارە دەبێ پێشتر کێشی خۆت لە ئەپلکەیشنی بتڵەکە کە لەسەر مۆبایل دادەنرێ دابنێی، کێشی خۆتی تێدا بنووسی، ئەوکات دەڵێت کە کێشەکەت ڕۆژانە چەندی پێویست بە ئاوە.



بتڵی سمارتی جۆری H20Pal دەتوانێت ڕێژەی ئاوی پێویستت بزانێت و لەکاتی پێویستدا بیرتان بخاتەوە کە ئاو بخۆنەوە. بتڵەکە لە شووشە دروست کراوە و دوو ڕەنگی شین و پەمەیی هەیە.




## ئامێرێک بۆ دیاریکردنی خواردنی بەسەرچوو

ئەو خواردنانەی ڕۆژانە بەکاری دێنن، ئایا دەزانین بە کەڵکی خواردن دێن یان نا، ئایا ڕێکەوتەکەیان بەسەرنەچووە و ئیکسپایەر نەبوونە، ئەدی ئەو هەموو گۆشتە بەستووەی کە لە بازاڕەکاندا هەیە ئایا کۆن نین و ماوەیەیان بەسەرنەچووە؟

ئامێرێکی تەکنەلۆژی بچووك بەناوی peres بەرهەم هاتووە کە تایبەتە بە دیاریکردنی خواردنی ماوەبەسەرچوو، بەتایبەتی گۆشت.

ئامێرێکە سکانی گۆشتەکە دەکات و گۆشتەکان لێك جیا دەکاتەوە کە هی چ گیاندارێکن و دیاری دەکات دەکرێت بەکار بهێنرێت یان نا؟ ئامێرەکە لە وڵاتانی دواکەوتوو و هەژاردا سوودی لێوەردەگیردرێت، چونکە لەوێ کەمتر گوێ بەتەندروستی دەدەن بۆیە لەگەڵ دونیایەك نەخۆشی بەرەو ڕوون.